# میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردی ترسنۆك و نادیموکراسی یە !!!!

هشام ئاکرەیی

بڵاونەکردنی بابەت و دیالۆگی ئازاد و مەرد و ڕاستگۆیانە و ڕەخنەیی لە میدیای کوردیدا بۆتە دیاردەیەکی ئاشکرا. چاوپێکەوتن لە گەڵ نووسەری قەڵەم نەترس و زمان ودڵ و مێشک هاوهەڵوێست، بەهیچ شێوەیەک ناکرێن و دەمێکە قەدەغەکراون. بابەتێک لە چواچێوەی سیاسەتی دەسەڵاتداران دەرکەوێت بە بیانۆی جیا جیا بڵاوناکرێتەوە.

وەک هەموومان ئاکادار میدیای کوردی دەکرێتە دوو بەش: یەک میدیای پارتەکان و دووەم ئەو میدیایەی ناوی بێلایەن و سەربەخۆ لە خۆ دەنێت و پێی وایە ئازاد و سەربەخۆیە.

لە ڕاستیدا هیچ کام لەو هەردوو میدیانە تا وەکو ئێستا ئازاد و دیموکرات نین و ڕاستیەکان دەشارنەوە و دژی وشەی ئازاد بابەت بڵاودەکەنەوە، واتە بەشدارن لە دروستکردنی دکتاتوریەت. ئەگەر میدیای پارتەکان تاوانبارین بەرامبەر نەبوونی دیموکراسی و پەرستنی تاک و پارت لە کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەوە میدیای بەناو سەربەخۆ تاوانبارترە لە میدیای پارتەکان چونکە ئەوان بەناوی سەربەخۆییەوە کار دە کەن و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری دەسەڵاتداران دەکەن. بڵاونەکردنی ڕاستیەکان و نەدانی ماوە و دەلیڤە بە هەموو بیروڕاکان واتای شاردنەوەی ڕاستیەکانە و چاوپۆشیکردنە لە هەڵەکان وچەواشەکردنی جەماوەرە. میدیای بەناو بێلایەن و سەربەخۆ وەک نێوبژیوانیکە نێوان چەماوەر و دەسەڵات و میدیای پارتەکان لە کوردستان. کاتێ میدیای بێلایەن لە ژێرەوە یان بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بابەتی سادەو و لایەنگر بۆ پارتە دەسەڵاتدارەکان، بەم سیاسەتە شەرعیەت دەدەنە دکتاتوریەتی پارتەکان. کەنێوبژیوان بە هەڵسوکەوتی خۆی بەرگری لە پارتەکانی کرد، واتە دژی جەماوەر و وشەی ئازاد و ڕاستی و پێشکەوتنە.

ئەگەر ڕۆژنامەیەک نەتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد و مەردانە کار بکات و بترسێ، ئەگەر واز لە بڵاوکردنەوەش نەهێنێ، دەبێ هەر هیچ نەبێ ئەو ڕاستیە بە جەماوەر بڵێت. چوون ڕۆژنامەیەک دەتوانێت ئازاد بێت لە کاتێکدا ئازادی بڵاوکردنەوەمان نیە لە کوردستان!

هۆی ترسنووکی و نادیوکراتی میدیای" بێلایەنی" کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دووهۆ:

یەک نەبوونی دیموکراتیەت لە باشووری کوردستان وترسی کارمەندانی ئەو میدیایە لە داخستنی ڕۆژنامەکە، بڕینی یارمەتی ماڵی لە ڕۆژنامەکە، زیندانیکردنی بەرپرسیارانی ڕۆژنامە و هەڕەشە و کوشتنی خاوەن میدیا و بابەتەکان.

هۆی دوەم باوەڕنەبوونی خودی کارمەندان و دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی ئەو میدیایە بە دیموکراسی و هەوڵدانی بۆ بڵاوکردنی بیرێکی تایبەت. بەم شێوەیە ئەو میدیا بەناو بێلایەنە، وەک پارتێک کاردەکات نەک بێلایەن بەڵام بە مەبەستی چەواشەکردنی جەماوەر، ناوی بێلایەنی لە خۆی دەنێت. ئەم جۆرەی میدیا تاوانبارە بەرامبەر ئەو پەیامەی میدیا هەیەتی.

لە باشووری کوردستان چەندین ڕۆژنامەو هەفتەنامە و مانگنامەی و گۆڤاری ئەم چەشنە دەرکەوتوون و هەن، کە یان پەیوەندی ناڕاستەوخۆیان بە پارتەکانەوە هەیە، یانیش خودی خاوەنەکانیان لە پراکتیکدا باوەڕیان بە دیموکراسی نیە و ڕۆژانە مافی ئازادی بڵاوکردنەوە و ڕادەربڕینی تاک پێشێل دەکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.